کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23-10-2007 4:07:31

# پاڵنەرەکانی جەنگ

## لە نامەکەی (ئانشتاین و فرۆید)دا

## ترسنۆکەکان نە شکستدەخۆن و نە سەردەکەون

## پائۆلۆ کۆیلیۆ



عومەر کەریم بەرزنجی

دەشێ مرۆڤ هەر لە سەرەتای درووست بوونیەوە کائینێکی جەنگاوەر بووبێت، ڕەنگە سرووشت و دەورووبەریش کردبێتییە کەسێکی جەنگاوەر، ئەگەرچی بە پێی زانستی دەروون ناسی ویستی خێروو شەڕ، جەنگ و ئاشتی لە ناخی هەموو مرۆڤێکدا هەیە وەلێ مرۆڤ گەلێك هەن هەمیشە لە خەونی سڕینەوەی لایەنی بەرامبەریاندان، چێژێکی بێئەندازە لە کوشتن و خوێنڕێژی دەبینن، دەشێ بڵێین مرۆڤێکی سادیزمن، سادیزمێکی باڵا، پرۆسەی توندوتیژی مێژوویەکی دێرینی هەیە, هەرلە سەرەتای دیرۆکی مرۆڤایەتیەوە سەری هەڵداوە دەشێ یەکەمین کردەی توندوو تیژی بەکوشتنی (هابیل) دەست پێبکات لەلایەن قابیلی براوە, ڕەنگە زۆربەمان ئەو بۆچونەمان لادروست بووبێت کە ئەگەر قابیل دەستی بەخوێنی براکەی سور نەبوایەو نەیکوشتایە, ماکی توندڕەوی و شەڕو کوشتار نەدەبووە میرات و پانتاییەکی بەرفراوانی لە مێژووی مرۆڤایەتی داگیر نەدەکرد, ناکرێ ئەم بۆچونە بەتەواوی بەدروست بزانین چونکە بیریارێکی وەك (هۆبز) پێی وایە مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی سروشتی ئاژەڵێکی دڕندەیەو پاڵنەری سەرەکی بریتییە لە جەنگ و تاڵانی و تێکشکاندنی هەرشتێك کەلەسەر ڕێگاکەیدا دەوەستێت, بۆ بەدی هێنانی ئارەزووەکانی توندوتیژی یاخود سەرهەڵدانی پرۆسەی توندوتیژی پەیوەندییەکی ڕیشەیی بەو ژینگەو دەوروبەرەوە هەیە کەکەسی توندڕەوی تێدا دەژی هۆکارە (کۆمەلایەتی, سیاسی, ئابوری)یەکانیش ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەریان هەیە لەسەرهەڵدانی توندو تیژی و توند ڕەوی, ڕۆسۆ گوتەنی (توندوتیژی توندوتیژی بەرهەم دێنێت) هەموو کارێك کاردانەوەی هەیە تۆ دێیت و سنوری ئازادیەکانم بەرتەسك دەکەیتەوە و دەتەوێت جموجوڵەکانی ژیانم بەویستی خۆت ئاڕاستە بکەیت دەبێت چاوەڕوانی سەرهەڵدانی کاری توندوتیژ بکەیت لەلایەن منی قوربانیەوە, کاتێك تۆ

دەبیتە جەلادو منیش بە قوربانی تۆ دێیت و لەبەرانبەر مندا مومارەسەی توندوتیژی دەكەیت ئیدی لەلایەن منی قوربانیەوە هەوڵی رووبەڕووبونەوەو بەرەنگاری سەرهەڵدەدات, نەك ملكەچی و گوێڕایەڵی بۆ جەلاد, دەڵێن لە زوودا جەلادێك مەنجەڵێك ئاو گەرم دەكات و دەیەوێت قوربانییەك فڕێ بداتە ناوی كابرای قوربانی لەتاو گیانی خۆی پەلاماری جەلادەكە دەداو قەپێك لە دەستی دەگرێت, جەلاد دەیكاتە هاتوهاوار و دەڵێ (سەیر كەن ئەمە چەند دڕندەیە خەریك بوو بم خوات) كابرای جەلاد هەست بەدڕندەیی خۆی ناكات لەكاتێكدا پرۆسەی سڕینەوەی ئەوی دی ئەنجام دەدات, كەسێتی جەلاد كەسێتییەكی سادییەو چێژو لەزەت لە ئازاردان و كوشتنی بەرامبەرەكەیدا دەبینێ هەندێك جار جەلاد بەكوشتنی بەرامبەرەكەی راناوەستێ, بەڵكو جەستەی قوربانیەكەش دەشێوێنێت, لەناخی كەسی توندڕەودا مەرگ دۆستی بەجۆرێك ئامادەیی هەیە, ژیان دۆستی لەناخی كەسی توندڕەودا دەكوژێت و هەستی جوانی و ژیان دۆستی لەناخیدا كاڵدەكاتەوە و نای هێڵێت, كەسێكی وەك (تەیموری لەنگ) بەجۆرێك عەشق و شەیدای خوێن ڕێژی و كوشتارگەكان دەبێت دەڵێ (من سەرم لەو مەینۆشانە سوڕ دەمێنێت بەخواردنەوەی جامێ مەی خۆیان مەست دەكەن! بۆچی دەست نادەنە شمشێرو بێنە مەیدانی شەڕی نەبەردەوەو خوێن بڕێژن تاتێبگەن كەسەرخۆشی شەڕ سەد جار لە سەرخۆشی مەی خۆشترو بەچێژترە! مەی دوای چەند ساتێك مرۆڤ خومارو بێ تواناو سست دەكات بەڵام سەرمەستی گۆڕەپانی نەبەردو خوێن ڕشتن, هەرگیز بێ وزەو تەمەڵ نابێت بەڵكو زۆر بەتواناتر دەبێت!) شەڕەنگێزی ئەم پیاوە بەجۆرێك بوو رووی بكردایەتە هەرئاوەدانییەك و ملكەچ و گوێڕایەڵی نەبونایە و بەرەنگاری ببونایەتەوە فەرمانی داگیركردن و كۆكوژی خەڵكی ئەو مەملەكەتەی دەدا, تەیمووری لەنگ جەنگاوەرێكی بێوێنەی مێژووە كە سەركردایەتی دەیان جەنگ و تالانی كردووە و چێژێكی زۆری لە فوارەی خوێنی قوربانیەكان بینیوەو لە جەنگێكدا قەتماخەی خوێن زۆربەی لەشی دادەپۆشێت تا دەگاتە ئەوڕادەیەی دۆستەكانی نیگەرانی ئەوەن نەبادا بریندار بووبێت، وەڵێ ئەو بەشانازییەوە دەڵێ خەمتان نەبێت ئەوە خوێنی قوربانییەكانە، چەندین جار فەرمانی گورینی دوژمنە یەخسیرەكانی داوە هەربەزیندوویی.

فرۆید دەڵێ: "ناكرێت هیوایەك هەبێت بەنەهێشتنی تەواوەتی ئارەزووە شەڕەنگێزەكانی مرۆڤ، ئامانجی ئێمە نەهێشتنی تەواوەتی ئارەزووە شەڕەنگێزییەكانی مرۆڤ نییە، بەڵكو تەنها دەبێت هەوڵبدرێت، كە ئەم حەزوو ئارەزووە بەچەشنێك رێنماییبكرێت كە لە شێوەی شەڕدا دەرنەكەوێت" هەربۆیە ئانیشتاین لە نامەكەیدا بۆ فرۆید دەپرسێت"ئایا لە بەرامبەر كارەساتی شوومی شەڕدا رێگایەك بۆ رزگاربوونی مرۆڤایەتی هەیە!؟" مرۆڤ بەحووكمی ئەوەی كائینێكی بەئاوەزە توانیوێتی كەرەستە گەلێكی هەمەچەشن بۆ بەرەوپێش بردنی جەنگەكان و بەئامانج گەیشتنی خستووەتە گەڕ، لە جەنگەكاندا ئاستی بەرزی دڕندەیەتی مرۆڤمان بۆ ئاشكرا دەبێت، دەڵێن زۆرێك لە گیانداران گۆشت خۆرن تەنها ناوی گورگ زڕاوە لێرەدا پرسیارێك سەرهەڵدەدات كە ئایا ئەگەر گیاندارانی دیكەش بیانتوانیایە ئامرازی كوشتنیان بەرهەم دەهێنا یان نا؟ وەڵام دانەوەی پرسیارێكی وەها ئەگەر مەحاڵیش نەبێت ئەركێكی قورس و گرانە.

ئانیشتاین، سیستەمی پەروەردەو مەنهەجی خوێندن و كتێبەكان بەهۆكارێكی گرنگ دەبینێت بۆ شەڕ كە پەروەردەیەكی نادرووستەو هاندەرێكی مەترسیدارە"لە كتێبەكانی سیستەمی پەروەردەدا رێز لە شەڕ دەگرن و ترس و وێرانكارییەكانی لە بەرچاو ناگرن و لەم رێگەیەوە رقەبەرایەتی و دۆژمنایەتی و تۆڵەكردنەوە فێری منداڵمان دەكەن، بەڵام من دەمەوێت فێری ئاشتی بم نەك نەفرەت، فێری عەشق بم نەك شەڕ، پێویستە كتێبەكانی سیستەمی خوێندن و پەروەردە سەرلەنوێ بنووسرێنەوە" كولتوری شەڕوو خوێن ڕێژی زۆرجار لەنێو كۆمەڵگادا پەرەی پێدەدرێت، زۆرجار لەنێو خۆماندا وەسفی كەسێك دەكەین بەوەی وەكوو شێرەو ئازایە، بایەخدان بە چەك و كەرەستەكانی جەنگاوەر بایەخێكی زۆری پێدەدرێت لە نێو كۆمەڵگەی كوردیشدا، ئەگەر لە جەژن و بۆنەكاندا سەرنجی منداڵانی دەوروو بەرمان بدەین زۆربەیان چەكی منداڵانەیان پێیە یاخوود سەرگەرمی جۆرەها یاری پڕلە توندوو تیژین، ئەگەر منداڵێك لە نێوان چەكێك و خۆشترین و بەسودترین خواردندا سەرپشك بكەیت

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 4:07:31 23-10-2007

بێشك چەکەکە هەڵدەبژێرێت و بەردەوام ڕووی دەکاتە کەسی بەرامبەروو دەیکووژێت, یا لەڕووی فیزیکیشەوە نەتوانێت بیکووژێت وەلێ لە ڕووی مەعنەوی و دەروونیەوە کەسی بەرامبەر دەکوژێت.

دەمارگیری گەرای توندڕەوی لەناخی مرۆڤەکاندا دادەنێت و پاڵنەرێکی بەهێزە لەسەر هەڵدانیدا, کەسی دەمارگیر وێناکردنی بۆ دنیاو دەرەوەی خۆی, وێناکردنی دنیایەکی پڕلە ناشیرینی و دزێوییە ئەو لەدەرەوەی خۆی پەی بە جوانییەکان نابات, کەسێکی خود شەیدایەو درك بەزۆر حەقیقەت ناکات, (ئەریك فرۆم) دەڵێ (دەبێت دەمارگیر بەکەسێك وەسف بکەین کە زۆر شەیدای خۆیەتی و هەستی بە پێکەوە بەستران و ئیلتزام ناکات لەگەڵ جیهانی دەرەوەیدا) دەشێ دنیابینی ئەو بەڕوانینێکی کرمیانە ڕاڤە بکەین واتا چۆن کرم بەتەنها بەردەمی خۆی دەبینێ ئەویش بەهەمان شێوە.

(ستانلی) پێی وایە (تەعەسوب میراتێکە لە نەزانینەوە "الجهالە" چنگمان دەکەوێت) جەهالەت فاکتەرێکی هەرەدیاری توندڕەوییە تێك شکاندنی جەهالەت تێکشکاندنی توندڕەوییە, توندڕەوی هەرچیەك بێت گەمەکردنە بەئاگر, گەمە کردنە بە ژیان, گەمە کردنیش بە ئاگر گەمە کردنێکی خەتەرناکە نزیك بونەوەیە لە کەنارەکانی تیاچون و هەڵدێران, کەمنین ئەو هێزانەی لەناخیاندا ڕۆحیەتی جەنگەڵ ئامادەگی هەیە ڕۆحیەتێکی خود شەیدا کە مەیلی سڕینەوەی ئەوی دی ئەوی جیاواز لەخۆی هەیە، دەشێ سەرهەڵدانی تەواوی جەنگەکانی دونیا لە ئەستۆی دەمارگیری و دڵڕەقیەکانی مرۆڤ بێت.

ئانیشتاین دەڵێ:"دەمانتوانی چ جیهانێکی جوان دروستبکەین، ئەگەر هەموو ئەو توانایانەی کە لە شەڕێکدا بەفیڕۆ دەچن، لە خزمەتی ئاوەدانکردنەوەدا بمانخستایەتە کار!!" ئەوەی زۆر سەرنجی منی لەسەر ئەودوو نامەیە ڕاکێشا ، بیروڕای خودی ئەنیشتاین و فرۆیدە لە دەرەوەی نامەکە و ئەو پرسیارەم لەلا دروست بوو کە ئایا ئەگەر ئەنیشتاین بڕوای بە زانستی دەروونناسی نییە وەك لەدەفتەری یاداشتەکانیدا نووسیوێتی"تاڕاددەیەك لە نووسینەکانی یۆنگ تێدەگەم، بەڵام بێبایەخە، زۆربڵێی کردووە، بەبێئەوەی کە هێڵێکی دیارو ڕوون لە نووسینەکانییدا هەبێت، باوەڕیشم بەفرۆید نییەی بەڵام لانیکەم شێوازی نووسینەکانی سەرنجڕاکێشە بەڵام بیرو بۆ چوونی سەیرو سەمەرەی هەیە"ئایا بۆچی ئەو نامەیەی ئاراستە کردووە، فرۆیدیش لەمەڕ ئەنیشتاین دەڵێ"ئەو هەر بەو ڕاددەیە شارەزایە لە دەروونشیکاری کە من شارەزام لە ماتماتیك. تەنانەت دەشتوانم بڵێم کە زانیاریی من لەبارەی ماتماتیکەوە زیاترە لە ئاشنایی ئەنشتاین دەربارەی دەروونشیکاری، لانیکەم من بڕوام بە حساباتی ماتماتیك هەیە، لە کاتێکدا کە ئەو دەروونشیکاریی بەگشتی پێقبوڵ نییە ".

لێرەدا ئەوەی جێگای دەستخۆشی و ستایشە وەرگێڕی بەتوانا کاك مەریوان هەڵە بجەیی یە وەرگێڕی کتێبی"پاڵنەرەکانی جەنگ/ئانشتاین و فرۆید " کە یەکێکی لە چاپکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، ئەم کتێبە جگەلە دەقی دوونامەکەی ئەنیشتاین و فرۆید پێشەکییەکی بە پێزی مەریوان وریا قانع و پێشەکییەکی سوودمەندوو زانیاری بەخشی وەرگێڕی فارسی خەسرەو ناقد لەخۆ دەگرێت.

ئەوەی جێگای پرسیاروو سەرنج و تێڕامانە ئەوەیە کە ئایا پەرەسەندن و دەوڵەمەند بوونی چەك و جبەخانەکان لە ڕووی بەرهەم هێنانی جۆرەها چەکی کۆکوژ و کوشندەو کێ بەرکێی زۆرێك لە وڵاتان بۆ بەرهەم هێنانی چەکی مۆدێرن و پێشکەوتووتر، ئایندەی مرۆڤایەتی بەچی ئاراستەیەکدا دەبات، ئایا مرۆڤایەتی لەبەردەم جەنگێکی کوشندەو قڕکەردا نییە، ئایا دەشێ ماکی توندڕەوی و مەرگ دۆستی لە ناخی مرۆڤەکاندا بەرەو کاڵبوونەوە ببرێت و پەرە بەکلتووری لێکبووردن و دۆستایەتی بدرێت، هەموو ئەم پرسیارانەو پرسیارگەلێکی دیکەیش وەڵامەکەی لە هەگبەی ئایندەدایە.

www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 4:07:31 23-10-2007